www.kurdistannet.org
03/04/2002 20:12

# حەمەسەعید، ململانێ وا دەبێ؟

سەلام عەبدوڵلا

هیچ کاتێك ناوبراو ئەوەندە شپرزەو زەلیل نەبووە، لە بری ئەوەی، رەخنە لە بۆچوونەکانم یا لە هەڵویستەکانی خۆی بگرێت، خۆیی دابەزاندووە بۆ ئاستی قسەلۆکی هەندێ کەس. گەرچی من تۆسقاڵێك خراپەم بۆیان نەبووە، وەلێ ئەوان لە پشتەوە خەنجەریان لێ وەشاندم. سەیر ئەوەیە کاکە حەمە هاتووە قسەی ئەوانم پێ دەفرۆشێتەوە. ئەم هەموو شتانەی لە مێشکدا بووە و لە گەڵ خۆمدا باسی نەکردووە، هەموویان بۆ رۆژی تەنگانە هەڵگرتووەو ئێستا خستوویەتیە سەر کاغەز. حەمەسەعید منی بە هاورێی خۆی زانیبوو، چەندین جار ئامۆژکاری دۆستانەم کردووە، تا دەست لە بابەتی سووك هەڵبگرێ و خەریکی بابەتیداهێنەرانە بێ. بە داخەوە هیچ سوودی نەبوو. ئەم زاتە دوو جار داوایشی لێکردم بابەتێکم پێشکەشی بکەم. ئێستا بووە بە پاڵەوانی قادسیەو تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە لە نێو بەعس و یەکێتی (خوا قبوولێ ناکا٥٠–٥٠) دابەش کردووە، خەنجەری ژەهراوی ئەو کەسانە بە دەستەوە گرتووە، وەك "پیاو"و"رۆشنبیر"، گوایە رەخنەم لێ دەگرێ، بەلاّم خەنجەر دەوەشێنێ. ئەمەیە حەمەسەعید و ململانێی سەرڕاستی لە گەڵ مندا. لە بەر ئەوەی وەلاّمی پێ نییە، هاتووە هێرش بۆ سەر بواری شەخسی ژیانم دەبا، بە بێ ئەوەی ناویشم بهێنێ!لەمەشدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. تکایە پێش ئەوەی ئەم وەلاّمەم بخوێننتەوە، ووتاری–کە (وشە) کانت ڕادەمووسم–حەمەسەعید بخوێنەوە لە کوردستاننێت. بە خەتای دەزانم خوێنەر بەم تۆمەتانەوە خەریك ببێ، بەراستی شایەنی وەلاّمدانەوەش نین، بەلاّم خۆ دەبێ لەم ململانییەدا، لایەك هەڵویستی درووست و بە ویژان بێ.

ئەمەش وەلاّمی یەك بە یەکی تۆمەتەکانیەتی، ئێوەش خۆتان بڕیار بدەن:

١/ پەنابردن بۆ درۆکردن لە لایەن کەسێکەوە خۆی بە رۆشنبیر بزانێ، عەیبەیەکی لە رادە بەدەرەو نابێ کەس لە ئاستیدا بێ دەنگ بێ. حەمە دەبێ ناوی ئەو هەڵویستەم بهێنێ کە"بە مەتەرەزی کۆنە بەعسیانەوە پەیوەست بووە". ئەم جۆرە ئەسلوبانە، هەڵویستی دەزگاکانی موخابەراتی عیراقییە بۆ بەدناوکردنی کەسانی تێکۆشەر، نەدەبوو حەمە ئەم رێگایەی بگرتایە بەر. کاك عەلی مەحمود چونکە نیاز پاکە و زانی هەڵەی کردووە، رەخنەی لە خۆ گرت، سەرەرای ئەوەش، سەرەرای ئەوەی بە کردووە نەك تەنها بە نووسین، بەوە ناسراوم بەشداری ئەکتسیونی توندڕەوانە کردووە لە دژی فاشیستەکانی عێراق، سەرەرای ئەوەی بە هیچ شێوەیەك بەرپرسیار نیم لەوەی کەسانی تر کە تەنانەت ناویشیانم نەبیستووە، بە چاکە یا خراپە ناوم بهێنن، حەمەسەعید هاتووە پشتی بە کۆنە بەعسییەك بەستووە، بە بێ ئینسافی منی خستووەتە ئەو بەرەیشەوە. ئەو رەخنەیەی حەمە، چەند درووست و خاوێنە؟ ئەمجار بەراوردی بکەن لە گەڵ هەڵویستی من لە ووتارەکەم (وەلاّمێك بە سامان کەریم، سەلاح شوان و عەبدوڵلا محمود) . هیوادارم حەمەسەعید فێری ململانێی خاوێن و پشتئەستور بە راستی ببێ.

٢/ شەرم ئەکەم لیستی یارمەتیدانی سەددان کەس و چەندین پڕۆژەی رۆشنبیری بهێنم، جگە لە یارمەتیدانی زۆر کەمی خزموکارەکانم. پێم وابێ، لە شوێنێکدا، حاجی ئەنوەر، باسی هاریکارییەکی بچووکی منی کردبوو، کە ئەویش بە ئەرکی خۆمم زانیوە. من زۆر شانازی بەوە دەکەم کە من سەرەڕای دەستکورتیم، هەرگیز لە یارمەتیدان، کەمتەرخەمیم نەکردووە، هەر بۆیە وا ئێستا خێریشم پێدەشێ. ئەوانەی ئەم زانیاریانەیان بە بەرێز حەمەسەعید داوە، خۆشیان تۆزێکیان بەرکەوتووە، بەلاّم شایەنی باسکردن نین.

٢/ قەد نەمزانیووە کاری شوفێری ئەوەندە عەیبەیە. بەندە لە بەر بێکاری، پار ساڵ، وەك شوفێر ئیشم بۆ خەڵك کردووە. لە سنووری تورکیادا، سووکایەتییەکی زۆریان پێدەکردین، بەڵام چونکە حەمەسەعید رۆشنبیرە، وەڵێ بەم چەشنە بیر دەکاتەوە، بەم رەخنەیە کە بە قەرزوەریگرتووە، رووی جەندرمە تورکەکانی سپی کرد.

٣/ چونکە حەمە پیاوە بە هەموو مانای ووشەکە، بۆیە دابی گۆڕینی جگەر گۆشەکانم بە عەیبە دادەنێ، دەیشیخاتە ناو ووتارەکەی! پێی وایە دابیی گۆڕین تەنها کاری ئافرەتانە. برا من بە حیرانی منداڵەکانم دەبم!

٤/ لێرەشدا دەڵێم و بۆ خاتری خاتران دووبارەی دەکەمەوە: ئەوە ئەو پیاوە کوردە بەرێزانەن کە لە ناو ئافرەتانی هەموو گەلانی دونیا بە ئافرەتانی کوردی هەر چوار پارچەکەوە، دەرۆنەوە بۆ کوردستان ژن دەهێنن. بۆ؟ لە بەر ئەوەی ئەوان ئافرەتێکی"پاك"یان دەوێ جلیان بۆ بشۆرێ و گسکیان بۆ بدا، ئافرەتێکی"خۆمانەیی خاوێن"یان دەوێ!. پێشی چەند ساڵێکیش (لە گومانە یاخێکانی کەلآت) باسی ئەم گرفتەم کردووە و چۆن ئەو جۆرە ژنهێنانە لە ئاستی تەماتە کڕینە، نەك خۆشەویستی و هاوسەری.

٥/ بەڵێ، بە سەربەرزییەوە دووبارەی دەکەمەوە: لە پێناوی جێبەجێ کردنی داخوازی ئاشتی خەڵکی کوردستان، ئامادەیشم پێڵاوی هەموو سەرکردە پایە بەرزەکان ماچ بکەم! ئەمە بکەن بە عەیبەیەك لە سەرم، منیش بە سەربەرزی بۆ خۆم دادەنێم!

٦/ دۆلاری چی؟ بۆچی باسی ناکەی؟ ئاودەست نەما پاکی نەکەمەوە، ریستۆرانت نەما، قاپی تێدا نەشۆم، شەقام نەما پاکی نەکەم، کارگە نەما تیشی تێدا نەکەم (لە هامبۆرگ) . ئەو پوولەی دایك و خوشکەکانم، منداڵەکانم و خۆم پێویستیمان پێ بوو، بۆ ئەو ئەرکی ئاشتی خەرجم کرد. خاوەن مروەت، خاڵم ٥٠٠مارکی بۆ قەرزکردم و پێی گەرامەوە. خۆزگا یارمەتیمان بدابا، هیچ نەبێ بۆ کڕینی پلیتی فڕین. کاك ئیسماعیل بەرزەنجی ئاگاداری ئەم وەزعەمە بوو، ئەو پێی ووتم، ئامادەم ئاڵتوونی هاوسەرەکەم بۆت بفرۆشم. پرسیار لە جەزا چنگیانی و یاسین بانیخیلانی بکەن، بە چ حاڵێك سەفەرمان کرد. لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە هەندێ کەس هەن لە بری ئەوەی بە فاکت وەڵامم بدنەوە، تومەتم بۆ هەڵدەواسن و دەڵێ: پارەی لە پارتی وەرگرتووە. من لێرەدا تکا لە بەرپرسیارانی پارتی و لە گشت حزب و رێکخراو و گروپەکان دەکەم، ئەگەر بە هەر شێوەیەك یارمەتییان داوم بۆ رای گشتی بڵاوی بکەنەوە. ئەم هێرشە نارەوایانە کە روو بە رووم بونەتەوە، باجی"هەڵەی" ئامادەنەبوونمە بۆ دابەشکردنی تاوانی ئەنفال لە نێو فاشیستەکان ویەکێتی وبەرەی کوردستانی. من دەڵێم هیچ هێزێك بۆی نییە لە ژێر هیچ بیانوویەك کۆمەڵکوژی بکا، ئەو باسی حزبایەتیم بۆ دەکا، من بەرگری لە یەکگرتنی هەموومان لە بەرامبەر جینۆساید دەکەم، ئەو پێم دەڵێ، رەخنەیان لێ ناگرێ! ئاخر من کەی بێ دەنگ بووم لە بەرامبەر هەر دەستدرێژکردنێك یا کارێکی نارەوا؟ ئێستا هاتووی بە قسەی خەڵکی"بەویژدان" دەکەی؟ خۆت باشتر دەزانی بۆچی پەنا بۆ درۆ دەبەی، ئاخر ئەمە کەی ئاستی تۆیە برا؟ کەی ئاستی رۆشنبیرە؟ من لەم تۆمەت بەستنە ناگەرێم. ماڵپەرەکانی کوردستان شوێنی درۆ بڵاوکردنەوەو سوکایەتی بە خەڵك نین. ئەوە وتارێك نییە بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، بۆیە شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ سایتەکان، لەمەودوا بۆ تۆ ووتار بڵاوبکەنەوە. بەڕاستی بەم وتارە سەلماندت کە قەڵەمەکەت بۆ رق و قینە، سووکایەتی پێکردن بە کاردەهێنی و ئاستی دیالۆك و رەخنە بەرەو وێرانی دەبەی.

٧/ کاك ئیسماعیل چونکە دەزانێ باری ژیانم لە رادە بەدەر لێژە، پێی وتم بۆچی نابی بە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسان تا تۆیش پارچە زەوییەکت دەست بکەوێ. پاش گفتوگۆیەکی دوور و درێژ، منیش وتم بۆچی نا. بە خۆم قەڵەمم نەخستووەتە سەر کاغەز. ئەوە پێشنیار و هەوڵی دڵسۆزانەی ئەو برامە بوو. ئێستایش نازانم چی بەسەر هاتووە. سوپاس کە بە بیرتان هێنامەوە. بە دڵنیاییەوە پرسیار لە بارەیەوە دەکەم.

٨/ بەڵێ، پاش ماوەیەکی کورت بەسەر راگەیاندنی شەڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان، کۆمونیست و وچەپەکان خۆپیشاندانێك لە دژی بن لادن و ئەمریکایان بەرپاکرد. من تێدا بەشداریم کرد و خۆپیشاندەرەکان چەندین بانق، دوکانیان دایە بەر بەرد و

©kurdistannet

زبڵی سەر جادەکانیان ئاگرتێبەردا. ئەمە عەیبەیکی تێدایە؟ لە ماوەی بوونم لە ئەلمانیا، لە سەددان خۆپیشاندان و دەرگیری لە گەڵ فاشیست و پۆلیسەکان بەشداریم کردووە. من تەنها نانووسم...

پێش چەند رۆژێك لە پاڵتاك ووتی من خەریکی داهێنانەکانی خۆمم. ئەمە بوو داهێنانەکەت؟ من باسی ئەنفال و هەڵەبجەم لە گەڵ کردووە، باسی هەڵویستی بەرزی هادی عەلەوی، ئۆدۆرنۆ...هتد کردووە، ئەو باسی ژیانی شەخسی و دایبی گۆرینی هێناوەتە ئاراوە! بۆ ئەوەی رەخنە لە بەرپرسی کوردستانپۆست بگرێ، باسی باوکی کەمال دەکا. ئایا حەمەسەعید قبووڵ دەکا یەکێك پێ بڵێ: تۆ نانی پۆلیست خواردووە (باوکی پۆلیس بووە) ؟. حەمەسەعید چ پەیوەندییەکی بە باوکییەوە هەیە؟

حەمەسەعید بەم ئاستە دەیەوێ خەباتی ١٤ساڵم بۆ ئەنفال و هەڵەبجە و ئەوەی گردوومە بسڕێتەوە! تانە لە هەژارییبوونم دەدا. ئایا ئەمە کارێکی درووستە کردوویەتی؟ تا چ رادەیەك وتارەکەی پەرۆشی و دڵسۆزی بۆ دیالۆك پاراستووە؟من هیچ نالێم، تەنها دەستخۆشی لێ دەکەم بۆ ئەو ئاستە پێی گەیشتووەو بۆ ئەو درۆ شاخدارانە. قەڵەم بۆ پێشەوەبردنی کۆمەڵگایە، نەك بۆ سوگایەتی و قۆشمەچێتی حەمەسەعید. چاوەڕوانی ئەوەم، ئێوە قسەی خۆتان بکەن. بێ دەنگی تاوانە. قەڵەمێك قوربانیان لەت بکات، نامەی ریش سپیان بۆ دادگای دەنیمارکی بنووسێ بە ناوی خەڵکەوە، شیعری پاقڵاوە بنووسێ، ئەمجا درۆ بکات و بگاتە ئاستی هێرشی شەخسی، چیتر وەڵامی نادەمەوە.

٢٠٠٢/٤/٣

©Kurdistan Net